# کوشتنی ( دوعا ) هەنگاوی
# بۆ هەڵگیرسانی شەڕی مەزهەبی لەکوردستان ... !!!

سەروەر کەریم

دوای ئەوەی عەقڵی خێڵەکی و ئایینی وپیاوسالاری یەزیدیەکان ( دوعا ) ی تەمەن ( 17 ) ساڵەیان بەدڕندانەترین شێوە کوشت ، کەهیچ مرۆڤێك ناتوانێت ، ئەگەر یەکتۆز هەستی ئنسانی هەبێت نەفرەت لەو تاوانە شەرمەزاری ئامێزە نەکات و دژی نەوەستێتەوە ... ئاخر کام ویژدانی مرۆڤایەتی بەو شێوە نەمرۆڤانەیە مرۆڤـــ کوژی دەکات ، بەخەیری عەقڵی کۆنەپەرستی و ئاینی و پیاوسالاری نەبێت ، کەبەردەوام ژنان بەتۆپەڵێك جنس دەزانێت ... بکوژانی ( دوعا ) ، ئەوەندە نامرۆڤو ئینسان کوژبوون ، تا دواین هەناسەیان خوێن ڕێژی بەرچاوی گرتبون ، ڕوحی ئەوپەپولە پاکیزەیەیان هەست پێنەکرد ، کەتازە لەبەهاری تەمەنی عەشق و خۆشەویستی دا بوو ، چرۆی ژیانی بەرو پشکوتن هەنگاوی دەنا ، کەچی پیاوانی خوێن .. پیاوانی ناموس پەرست ، لەناکاو خەڵتانی خوینیان کرد ... خوێن ، چۆن خوێنێك ، کەهەرچی دڕندە هەیە لەدنیادا ، بەوشێوە نامرڤانەیە ئینسان کوژی ناکان ، مەگەر ئەو عەقڵە ڕزیوەی ئایین ، چونکە ئەوعەقڵە بۆ لەحزەیەك ئینسانی نییەو تەنها ژن بەکۆیلەی حەزەکانی خۆی دەزانی ، بۆیە باگی نییە لەخوێن ڕێژی ، هەربۆیە ڕوحی ( دوعا ) کان بەدەست ئەعەقڵە هەوەست بازو خوین خۆرانەوە هەڵدەوەرێنرێت ... هەڵبەتە ئەوەیەکەمین کاری دڕندانەی عەقڵی ئایینی نییە ژنان ئەتك دەکەن و تیرۆریان دەکەن ، ماوەی پانزە ساڵە ( دوعا ) کان ژیانیان لێ زەوت دەکرێت و کۆمەڵگای نێرسالاری و ئایینی لێ بێدەنگە و ، ڕەنگەشاگەشکەی ئەوخوێن ڕێژیەبێت ، ئەگەرنا دەبوایە خولقێنەرانی ئەو جەریمانە گەورەترین سزابدرانایە ... بەڵام کام سزا ، دەسەڵاتێك لەسەر بنەمای مەزهەب دامەزرابێ ... چاوەڕوانی چی لێدەکرێت ، جگە لەئینسان کوژی جەریمەی نائیسانی بەولاوە ... ئەوەتا کوشتنی ( دوعا ) ، خەریکە دەبێتە سەرەتایەکی ترساك بۆ هەڵگیرسانی شەڕی مەزهەبی لەنێوان ( یەزیدی و ئیسلام ) ، لەوەش ترسناك تر ئەوەیە ئەم هەنگاوە سەرەتایەکی زۆر ترسناکەو ژیانی ئینسانی دەخاتە بەرمەنگەنەی سڕینەوە و پۆلێن کردنی مرۆڤـــ ، بەسەر مەزهەبدا بەبێ ئیختیاری ئینسانەکان ... لە ئاوها حاڵێك دا ، ئەگەر ئینسانە ئازادی خوازو عەلمانیەکان ، بەوپەڕی توندیەوە کاربۆ بەگژداچونەوەی ئە شێوازە نامرۆڤانەیەی ڕەوتەمەزهەبیەکان نەکەن و داوی جیاکردنەوە ئایین لەدەسەڵات نەکەن ... ژیانی کۆمەڵگا بەئاقاری بەردەوامی ئینسان کوژی هەنگاودەنێت و ڕۆژانە مرۆڤەکان دەبنە قوربانی دەستی ژەری مەزهەب گەراکان ... هەرچی ئیسلامیەکانی کوردستانە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی کۆمەڵگابکەن و جارێکی تر سیماکانی تۆقاندن نیشانی کۆمەڵگابدەن ، بەوەی ئەوەتا ئەوان لەسەر کوشتنی کچێکی تازە مسوڵمان بوو پەلاماری یەزیدیەکان دەدەن و دەیان کوژن و بەمافی خۆیانی دەزان ، ئاخر جەریمەی ئینسان کوژی هیچ پاساوێك هەڵناگری ، بۆیەدەبێت ئەو ڕوشە بەتوندی ئیدانەبکرێ و ناکرێ چاوپۆشی لەکارە دڕندانەیەی ئیسلام ویەزیدیەکان بپۆشرێ و ، کۆمەڵگا بەشوێن خواستی جیاکردنەوەی دین لەدەسەڵات ئاراستەبکرێت ، تا ئەوجێگایەی دین نەبێتەکاری تایبەتی ئینسانەکان و مافی بێ ئایینی بەڕەسمی نەناسرێ ، ئەوابەدڵنیایی جەریمەی ئینسان کوژی بەناوی ناموس پەرستی و لادان لەئایین درێژە دەکێشێت و کۆمەڵگا دەبێتە گۆڕسانی ئینسانە مەدەنی و ئازادی خوازەکان ...

بۆئەوەی خەونەکانمان سەرنەبڕن و ئازادیەکانمان بەمەرگ نەسپێرن ، بۆئەوەی بەر بەشەپۆلی کوشتنی ( دوعا ) کان بگرین ، وەرن باپێکەوە دروشمی جیاکردنەوە ( دین لەدەسەڵات ) ، بکەینە ئامانجی سەرکیمان ... تاچی تر خواست و خولیاکانمان سەرنەبڕن و بەناوی شەرفەوە ئەتکمان بکەن ، بەڵام کام شەرف ... بێحورمەتی بەئینسان بێشەرفی نەبێت دەبێچی بێت ... ئەوەی ئاین بەشکاندی شەرفی دەزانێت و مرۆڤـ کوژی لەسەر دەکات ، لەبنەمادا خۆی بێشەرەفیە بەمافی ئینسانی بوون ...

**بۆیەکاتی ئەوەیە ئەو خواستە بەرزبکەینـەوەی و کـاری بۆبکـەین تـا چـیتر نەبینـە سـوتەمەنی دەسـەلاَتی ئـاینی و یـاری بەژیانمان بکـەن ، مـن لێـرەوە ڕای دەگەیـەنم ، کـە نـەفرەت لەهـەموو ئایینێـك دەکـەم و بێبـەری لـەدین و جەریمـە ئینسانکوژیەکانیان ...**

2007/5/1